## سەروتار

# فەرمان کردن بەچاکە
# و
# ڕێگری کردن لە خراپە

✍ : سەرنوسەر: م/ عبداللطیف أحمد مصطفى

ئیمام وخە طیبی مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە

---

لە بڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

**عێراق - کوردستان - کەلار**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

ئەركێك هەیە كە خوای پەروەردگار لە سەر موسڵمانانی واجب كردووە، وە كتابەكەی بۆ دابەزاندووە، وە پێغەمبەرانی پێ ناردووە، بەڵام لەناو ئێمەدا مردووە، ئەو واجبەش بریتییە لە ئەركی فەرمانكردن بە چاكە وڕێگری كردن لەخراپە، ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت) دەفەرمووێ: (ئەو واجبە پیرۆزە زۆر دەمێكە مردووە خەڵكی پێی هەڵناستن و ئەو ئەركەیان بەجێ نەگەیاندووە)، جا كە ئیمامی نەوەوی لەسەردەمی خۆیدا وا بڵێت، ئەی ئێمە ئەمڕۆ دەبێ بڵێین چی لەكاتی بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو خراپەو تاوان وبێ شەرعیە، لەكاتی مردنی ئەو هەموو فەرمان وسوننەت وچاكەیە تەماشا دەكەین نابینین كەسانێك كۆمەڵێك هەستن بەفەرمان كردن بەچاكەو ڕێگری كردن لەخراپە، خوای پەروەردگار پێغەمبەرانی یەك لەدوای یەك نارد بۆ ئەوەی ئەمر بەچاكەو بكەن و ڕێگری لەخراپە بكەن، گەورەترین فەرمانیش كە پێغەمبەران ئەمریان پێكردووە تەوحیدو تەنها خواپەرستی بووە، وەخراپترین مونكەرو خراپەش كەنەهیان لێكردووە شەریك بۆ خوا دانان بووە، خوای گەورە باسی پێغەمبەری خۆمان دەكات ﷺ: ﴿يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾ [الأعراف: ١٥٧ ] .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیان پێ دەكات بە چاكەو ڕێگریان لێ دەكات لە خراپە.

خوای گەورە محمدی ناردﷺ فەرمانی چاكە بە خەڵك دەكات، وەشتی خەراپ لە خەڵك مەنع دەكات، هیچ شتێك نییە چاك بێت و لەئیسلامدا لێمان قەدەغە كرابێت، وەهیچ شتێك نییە پاك بێ و لێمان مەنع كرا بێ، ئەوەی كە لێت مەنع كراوەو قەدەغە كراوەو حەرام كراوە خراپەو پیسەو زەرەرمەندە بۆ خۆت و بۆ كۆمەڵگاو خێزانەكەت بۆیە خوای گەورە حەرامی كردووە، پەروەردگارمان لە كیتابە پیرۆزەكەیدا واجبی كردووە وپێمان دەفەرمووێ (وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ) ئەی موسڵمانان با لەناو ئێوەدا ئومەتێك هەبێت كەسانێك هەبن كە (يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ): باكەسانێك هەبن لەناو ئێوەدا كە خەڵكی بانگ بكەن بۆ خێر كە خەڵكی بانگ بكەن بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وەكو ابن كثير دەفەرمووێ لەتەفسیرەكەیدا، وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ: وەئەمر بەچاكە بكەن، وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ: وەنەهیش لەخراپە بكەن، وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ: وەئەو كۆمەڵە كەسەی كەبەو واجبە هەڵدەستن، واجبی دەعوەو بانگەواز ی خەڵك بۆ خێرو بۆ سوننەت، وە واجبی ئەمر بەچاكەو نەهی لەخراپە، أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ: خوای گەورە دەفەرمووێ ئەوانە سەرفرازو سەركەوتوون، ئەو كۆمەڵە مفلح وسەركەوتوون لای خوای پەروەردگار كە هەڵدەستن بەو ئەركە گرنگە كە بەختەوەری كۆمەڵگا بەهەڵسانە بەو ئەركە، هەر كۆمەڵگایەك كە فەرمان بەچاكەو نەهی لەخراپەی تێدا نەبێت خراپەكاری تێدا بڵاودەبێتەوە بەدڕەوشتی تێدا بڵاودەبێتەوە چاكەی تێدا نامێنێت وەلەئاخیردا بەهیلاك

دەچێت، وەبێگومان ئەو کۆمەڵە سەرفرازەش کەبەو ئەرکە هەڵدەستێ ناڕەحەتی دێتە ڕێ، کەسێك کە ئەمرۆ لە ڕۆژگاری بڵاوبوونەوەی دیاردەی شیرك وبیدعەو خورافەت، لەڕۆژگاری بڵاوبوونەوەی دیاردەی نیفاق وفیسق وفجورو بەدڕەوشتی ئەمر بەچاکە بکات وخەڵکی بۆ خێر بانگ بکات بێگومان خەڵك لێی ڕازی نابێت، بێگومان چاك باسی ناکرێت، ناوو ناتۆرەی لێدەدرێت دژایەتی دەکرێت، بەڵام پێویستە صەبر بگرێت، هەروەکو چۆن لقمان (علیە السلام) کاتێ کەئەمر بەکوڕەکەی خۆی دەکات، خوای پەروەردگار ئەمری بە لقمان کرد: (وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ) (القمان: ١٢) .

خوای گەورە حیکمەتی بەلقمان بەخشی بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکات، لقمانیش هەستا بۆ سوپاس کردنی خوا، یەکەم کەس کە دەستی پێکرد ئامۆژگاری کوڕەکەی بوو، کۆمەڵێك ئامۆژگاری دەکات لەناویاندا دەفەرمووێ:

(يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ) (القمان: ١٧) .

ئەفەرمووێ ئەی ڕۆڵەکەم ئەی کوڕەکەم أَقِمِ الصَّلَاةَ، نوێژ بکە، کام باوکانەن ئەمرۆ کە ئەمر بە منداڵەکانیان دەکەن بەنوێژ کردن، کەنوێژی بەیانی لەگەڵ خۆیان خەبەریان دەکەنەوەو نوێژ بکەن، کێن ئەوانە؟ يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ/ ئەی ڕۆڵەکەم نوێژبکە، وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ/ وەبەنوێژیش ئیسلامەتی تەواو نابێت دینداریتی تەواو نابێت، بەهەشتت بەدەست نایەت ولەجەهەننەم ڕزگارت نابێت، ئەرکێکی تریش واجبە لەسەرت دوای نوێژ، وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ/ کەئەویش بریتیە لە ئەمر بەچاکە کردن، وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ/ وەنەهی لەخراپە بکە ئەی ڕۆڵەکەم، وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/ بەڵام سەبریش بگرە لەسەر هەر ناڕەحتیەك کەتوشت دێت، وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/ بۆچی لقمان (علیە السلام) فەرمانی بەکوڕەکەی کرد کەصەبر بگرێت، وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/ چونکە دەیزانی ئەگەر کوڕەکەی هەڵسێت بە نوێژ کردن ولەگەڵ نوێژ کردنەکەیشیدا ئەمر بەچاکە بکاو نەهی لەخراپە بکا، دەیزانی کوڕەکەی تووشی ناڕەحەتی دێت، دەیزانی دژایەتی دەکرێت، دەیزانی تووشی موصیبەت دێت بۆیە فەرمووی وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/ بەڵام صەبریش بگرە لەسەر ئەوەی کەتووشت دێت، وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/صەبریش بگرە لەسەر ئەو مصیبەتەی کەلەڕێگای بانگەوازی وفەرمانکردن بەچاکەو نەهی لەخراپە دێتەڕێت، إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ/ ئەوە سیفەتی ئینسانی بەرزە، ئەوە ئیشی چاك وبەرزە کەخوای پەروەردگار پێی خۆشەو فەرمانی پێکردووە پێمان، سەیری ئەو باوکە بکەن، سەیری لقمان بکەن فەرمان بەکوڕەکەی دەکات ئەمر بەچاکە بکاو نەهی لەخراپە بکات، ئەگەر ناڕەحەتیشی تووش بێت دەڵێ صەبر بگرەو گوێ مەدەرێ، بەڵام هەندێك لەباوکان ناهێڵێت کوڕەکەی بچێتە مزگەوت دەڵێ ڕۆڵە تووشی بەڵاو موصیبەتێك دەبیت نەچیت، ناهێڵێ ڕیشی بهێڵێتەوە لەپێناوی خوا دەڵێ ئەوە نەکەی دوایی باتووشی موصیبەتێك نەبیت، لەگەڵ ئینسانی چاك نەگەڕێیت باتووشی موصیبەتێك نەبیت، وادەزانێ موصیبەت ئەوەیە کەلاشەی تووشی ناڕەحەتی بێت،

بەلاَم ئەگەر کوڕەکەی لەدیندا تووشی موصیبەت بێت، کوڕەکەی دینی نەمێنێ وئەخلاقی نەمێنێ بەلایەوە موصیبەت نییە، لەکاتێکیشدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو:

(ولا تجعل مصيبتنا في ديننا)[1] .

ئەی خوایە کەموصیبەتت تووشیش کردین موصیبەت لەدینمان تووش نەکەیت، موصیبەتی دونیا ئاسانە براکەم، بامالَت هەمووی بسوتێ، بامندالَت هەمووی بمرێت، با بۆخۆشت لەناو بچیت بەلاَم ئیمانت سەلامەت بێت، نەك هەر ئیمانت سەلامەت بێت بەهەشتت دەبێ، بەلاَم با سەر هەر سەلامەت بێت کەئیمانی تێدا نەما ئاگر شوێنیەتی خوا پەنامان بدا، کەواتە ئاوا ئامۆژگاری مندالَەکەت بکە کەدەست بەدینی ئیسلامەوە بگرێ، دەست بە قورئان وسوننەتەوە بگرێ، فەرمان بەچاکە بکاو نەهی لەخراپە بکا، مەترسە لێی بیدەرە دەست خوای پەوەردگار با تەوەکولت لەسەرخوا بێ، فێری بکە ئارام بگرێ لەسەر ناڕەحەتی، پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) چۆن فەرمانیان کردووە بەچاکەو نەهیان کردووە لەخراپە، ئەو هەموو ناڕەحتیەیان هاتۆتە ڕێ، ئارامیان گرتووە لەسەری، چونکە کەسێك کە بەهەشتی بوێ پێویستە ئارام بگرێ، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣﴾ (العصر: ١ - ٣).

خوای گەورە سوێند دەخوات کەخەلَکی هەمووی لەزەرەرمەندیدایە، ئیلا ئەوانە نەبێ کەئیمانیان هەیە وکردەوەیان چاکە، وەسێ یەم شتیش فەرمان بەچاکە دەکەن ئامۆژگاری یەکتر بەچاکە دەکەن، وەچوارەم شتیش ئامۆژگاری بەئارامگرتن دەکەن، چونکە هەرکەسێ فەرمان بەچاکە بکات تووشی ناڕەحەتی دەبێت، ئیلا (أن يشاء الله) بەلاَم پێویستە ئارام بگرێ چونکە ئەو کەسەی کە فەرمانیش بەچاکە نەکات هەر تووشی ناڕەحەتی دێت، بەلاَم لەوانەیە ناڕەحەتیەکەی ئەو خراپتر بێت لەدینەکەی بێت، ناڕەحەتی تۆ تەنها لەدونیا بوو خوای گەورەش لەسەرت لا دەدات وئاخیرت خێر دەکات، فەرمان بەچاکەو ڕێگە گرتن لەخراپە واجبێکە خوا لەسەری داناوین، ئەو کەسانەی کەپێ هەلَسن ﴿أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ ئەوانە لەو کەسانەن کە سەرفرازو سەرکەوتوون بە دەقی ئایەتی خوای پەروەردگار وەکو باسمان کرد، وەئەو کەسانەشن کەخوای ڕەحمیان پێدەکات، خوای گەورە دەفەرمووێت:

(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ) (التوبة: ٧١). ئەفەرمووێ: ئیمانداران بەپیاو وبەژنەوە، ئیمانداری ژن وپیاو ئەوانە دۆست وخۆشەویست وکەسی یەکترن، پەیوەندی ئیمانی لەناو خەلَکدا بەهێزترین پەیوەندییە، با

---

(١)(رواه الترمذي، وحسنه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١٢٦٨)

لەعەشیرەتەکەی تۆش نەبێت باخزمیشت نەبێت، مادام ئیمانداره وەکو تۆ ئەوه براته (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ) خوای گەورە دەفەرمووێ ئەو ئیمانداره پیاو وژنانە یەکەم سیفەتیان يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ / کەفەرمان بەچاکە دەکەن، دووەمیان وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ/ ڕێگری لەخراپە دەکەن، ئەوجا سێیەم فەرمووی وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ/ وەنوێژیش دەکەن، چوارەم شتیش وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ/ زەکاتیش دەدەن، پێنجەمیش وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ / گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرﷺ دەکەن، واتە دەست بەقورئان وبەسوننەتەوە دەگرن، أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ/ ئا ئەوانەن خوا ڕەحمیان پێدەکات، دەتەوێ خوا ڕەحمت پێبکات برای من، دەتەوێ ڕەحمەتی خوای گەورەت تووش بێ وبەهەشتت بەنسیب بێت ولەجەهەننەم ڕزگارت بێت، دەتەوێ ژیانت خۆش بێت لەدونیا ڕەحمەتی خوات بەرکەوێ ولەڕەحمەتی خوادا بژییت، ئەوا هەستە بەو پێنج ئیشەی کە خوا باسیکرد کە سیفەتی ئیماندارانی پیاو و ژنە یەکەم سیفەتیان فەرمان بەچاکەو دووەمیان ڕێگرتن لەخراپە وسێیەمیان نوێژو وچوارەمیان زەکات، بیربکەرەوە موسڵمان فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپە پێش نوێژ کردن باسی کردوون خوای گەورە، بۆ ئەوەی وانەزانی ئیسلامەتی بەس نوێژەو بەس، نوێژێك کە لەخراپە ناتگەڕێنێتەوە، نوێژێك کەهانت نەدا بۆ چاکەکردن، نەخێر نوێژ پەیوەندی بەخۆت وخواوەیە، بەڵام فەرمان بەچاکە وڕێگرتن لەخراپە پەیوەندی بەخۆت وخێزانت وکۆمەڵگاکەت و وڵاتەکەوەیە، سیفەتی ئیماندار ئەوەیە پێش ئەوەی کەباسی نوێژ بکرێت بۆی پێش ئەوەی کە سیفەتی نوێژ کردن وزەکاتدانیان باس کا خوای گەورە، دوو سیفەتی تری باس کرد کە فەرمان بەچاکە دەکەن و ڕێگە لەخراپە دەگرن، ئەوە سیفەتی ئینسانی ئیماندارە، بەڵام ئەی سیفەتی ئینسانی دووڕوو چی یە؟

خوای گەورە لەبەرامبەریشدا باسی ئینسانی دووڕوو دەکات! دەفەرمووێت: (الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ) (التوبة: ٦٧). دووڕووەکان بەژن وبە پیاویانەوە کەزۆرن لەسەردەمی ئێمەدا خوا زۆریان نەکات، مونافیقەکان کە دووڕوون ڕووی سەرەوەی موسڵمانەوە لەدڵیشدا بێ ئیمانە، ئەو مونافیقانە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمووێت: (يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ) / بیر بکەرەوە فەرمان دەکەن بەڵام بەچاکەنا بەڵکو فەرمان بەخراپە دەکەن، فەرمان ناکەن بەخەڵکی بێن بۆ ماڵی خواو نوێژ بکەن، فەرمانی پێدەکات بچێت بۆ سینەماو بۆمەلهاکان، وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ/ ڕێگە دەگرن خەڵك بێتە مزگەوت، ڕێگە دەگرێ خەڵك دەرز بخوێنێ دەرزی قورئان، ڕێگە دەگرێ ئافرەتێك حیجابی هەبێ وخۆی پۆشتە بکات، ئەو مامۆستایەش کە لەقوتابخانە ڕێگری لەقوتابیەکان دەکات لەو دووڕووانەیە خوا بمانپارێزێت، مەمنوعە نابێت ئافرەت حیجابی هەبێت بەچ قانونێك وبەچی دەستورێك، کام برگەی دەستوورە کەئەوەی مەنع کردووە ئافرەت خۆی دانەپۆشێت، یا کام برگەیە کەمەنعی کردووە کەقوتابیانمان جگەرگۆشەکانمان نوێژ نەکەن ومەجالی نوێژ نەکردنیان نەبێت، ئەوە سیفەتی دووڕووە خۆت بەفەیلەسوف و ڕۆشنبیر مەزانە ئەی مامۆستا کاتێ کە مەنعی ئەو هەموو قوتابیە دەکەی کەنوێژ بکەن، بۆیە ئەو هەموو پرسیارەی دێتە لامان، مامۆستا

لەقوتابخانە مەجالی نوێژکردنمان نییە چی بکەین لەگەڵ نیوەڕۆ جەمعی بکەین؟، چی بکەین ئەگەر هاتینەوە مەغریب بوو چۆن بیکەین بەتایبەتی لەزستاناندا کەڕۆژ کورتە، بۆ لە ولاتێکی موسڵماندا مامۆستایەکی بەناو موسڵمان ڕێگا نەدا قوتابییەکان نوێژ بکەن، ئەگەر دوو دەقە لەوانەکەی تاخیر بوو نایەڵێ بێتە ژورەوە، دەڵێ لەکوێ بوی وەلا نوێژم دەکرد دەبچۆ دەرەوە بۆت نییە بێیتە ژوورەوە، بزانە سیفەتی دووڕووت هەیە خوا بمانپارێزێ، وریابە خۆت بپشکنەو بەخۆتا بچۆرەوە، وامەزانە تۆ ڕێزت هەیە لای خوای پەروەردگار کەسێکی دووڕوویت خوا بمانپارێزێت کە ئەوە سیفەتت بێت، (الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ)./کامەی خراپەیە فەرمان بەوە دەکەن، دەتوانێت بیانباتە دەرەوە بچن سەعاتێك کچ وکوڕ تێکەڵ بکەن وەلا وەرزش و دەرزی وەرزشمان هەیە، بەلام دوو دەقە ڕێگا نادرێت نوێژەکەی بکات بۆ خوای گەورە،(يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ)،/ وەدەستیشی گرتۆتەوە مونافق، مونافق ماڵ نابەخشێت لەپێناوی خوا وئەو عادەتەی نییە، وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ بۆچی؟ نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ،/ چونکە خوای گەورەیان لەبیرچوەتەوە، دووڕوو خوای گەورەی لەبیر نییە کە خوا کێیە؟ کە گەورەیی خوا چەندە، لەبیری نییە کە سبەی فڕێ دەدرێتە ناو چاڵێکەوە لە قەبرەکەیدا ئەوجا پەشیمان دەبێتەوە، (نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ) (التوبة: ٦٧) خوای گەورە دەفەرموویت، دووڕووەکان فاسقن، ئەوانە خراپەکارن و بەدڕەوشتن خوا بمانپارێزێت، کەواتە ئەی ئەو کەسەی کەوا تۆزێك لەتوانا ومەسئولیەتت هەیە وریابە بەر هەڕەشەی خوا نەکەویت، هەوڵبدە فەرمان بەچاکە بکەی، هەوڵدە ڕێگە لەخراپە بگری، چونکە بەختەوەری ئەو کۆمەڵگایەمان لەوەدایە کەفەرمان بەچاکە بکەین وڕێگە لەخراپە بگرین، پاش ئەوەی کە خوای پەروەردگار باسی سیفەتی ئیمانداران وسیفەتی دووڕووانی کرد، ئەوجا حاڵی هەردوو لایشیان باس دەکات: (وَعَدَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ ) خوای گەورە دەفەرمووێ: خوای گەورە خۆی بەڵێنی بەدووڕووەکانی ژن وپیاو وکافرەکانیش داوە بەڵێنی چی؟ نَارَ جَهَنَّمَ/ بەڵێنی ئاگری دۆزەخی پێداوون، یەکەم سیفەتی دووڕوو چی یە وتمان، فەرمان بەخراپە دەکاو وەنەهیش لەچاکە دەکا، ئەوە سیفەتی یەکەمیانە، سیفەتی دووەمیشیان وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ،/ ناچێ دینارێك لەپێناوی خوا ببەخشێت، وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ،/ وریابە پرسیار لەخۆت بکەو موڕاجەعەی خۆت بکەو بزانە ئەو سیفەتانە لەتۆدا هەیە، کەتێتدا هەیە بەپەلە فریای خۆت بکەوە، خوای گەورە دەفەرمووێ بەڵێنی بەدووڕووەکان وبەکافرەکان داوە بەئاگری دۆزەخ، خَالِدِينَ فِيهَا، /بەبەردەوامی تێیدا دەمێننەوە، هِيَ حَسْبُهُمْ،/ ئەو ئاگرەیان بەسە، ئەو ئاگرەی بەسە، لەدونیا چی دەکات بابیکات دووڕوو، دەتوانێ فێڵ بکات، بەلام کەچووە ناو ئاگرەوە، خوای گەورە دەفەرمووێ: هِيَ حَسْبُهُمْ،/ئەو ئاگرەیان بەسە خوابمانپارێزێ لەو ئاگرە، ئاگرێك کەئاگری دونیا بەشێك بێت لەحەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ ،ئاگری دونیا بەست نییە ئەی موسڵمان، ئەگەر بەئاگری دونیا بسوتێی، بیربکەرەوە، ئەو کەسانەی کەدەسوتێن لەدونیا بەئاگری دونیا حاڵیان چییە؟ ئەوەندەی بەسە بۆ ئەوەی

عەزابی پێ بخوا، یان لەحاڵێکی خۆشدایەو جارێ ماوێتی، دەڵێ ئەوەندە هیچ نییە پێی موتەئەسیر نابم، ئاگری دونیا بەست بێت، ئەی دەبێ ئاگرێك حەفتا قات بەتین بێت دەبێ چۆن بێت خوا بمانپارێزێت؟ خوای گەورە دەفەرمووێ: هِيَ حَسْبُهُمْ وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ،/ وەخواش لەعنەتی لەو دووڕووانە کردووە، وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ،/ خواش لەعنەتی لێکردوون، وەلەڕەحمەتی خۆی دەریکردوون، بۆ لەڕەحمەتی خۆی دەریان دەکات؟ تەماشای ئایەتێکی ترکە کە خوای گەورە چیمان پێ دەفەرمووێ:

(لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ) (المائدة: ٧٨).

خوای گەورە لەعنەتی لە بەنو ئیسرائیل کرد لەسەر زمانی داودو عیسای کوڕی مەریەم، لەزەبوورو لەئینجیلدا لەعنەتیان لێکرا، وەخوا لەعنەتی بۆناردن، بۆ؟ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ،/ چونکە سەرپێچی فەرمانی خوایان دەکردو دەست درێژیشیان دەکرد، ( كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ ) (المائدة: ٧٨). بۆیە لەعنەتیان لێکرا کە ئەگەر مونکەرێك خراپەیەك تاوانێك دەکرا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ،/ نەیان دەووت کاکە ئەوە خراپەیە مەیکە، بابە ئیشی من نییە من هەقم چییە؟ کەس ناچێتە قەبری کەسەوە، کەس بەئاگری کەس ناسوتێ، هەر کەسە خۆی لەسەرە، دەست بەکڵاوی خۆت بگرە با نەیبات، ئەو قسانە هەمووی پوچن و وەهەمووی دژی شەریعەتی ئیسلامن، وامەزانە بەئاگری کەسەوە ناسوتێی، بەئاگری خەڵکەوە دەسوتێی، کەببینیی ئەوە خراپەیەو ئینکاری لێنەکەی کەمترین شت بەزمانت نەڵێی کاکە لەخوا بترسە، بەنەرمی، ناڵێم شەڕی لەگەڵ بکە بڵێ برای بەڕێزم لەخوا بترسە، تەقوای خوا بکە، ئەو کارەی تۆ دەیکەی خوا پێی ناخۆشە، ئەو کارەی تۆ دەیکەی خراپە بڵاودەکاتەوە لەوڵاتدا لەشارەکەماندا، ئەگەر ئەوە نەڵێیت ئەوە بزانە ئیمان لەدڵتدا بزانە هەر نییە یان زۆر لاوازە خوا بمانپارێزێ و نیفاق چووەتە ناوی، خوای گەورە فەرمووی بۆ لەعنەتیان لێکرا بەنی ئیسرائیل: (كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ)، چونکە ڕێگریان لەیەکتر نەدەکرد ئەگەر مونکەرێك خراپەیەکیان کردبا، نەیان دەووت کاکە ئەمە مەکە خراپەیە، ئەوەیان نەدەکرد ئەو سیفەتەیان نەبوو، دەبینێت بێ شەرعی دەکرێت، هەموو باوکەکان دەبینن منداڵەکانیان لە قوتابخانە نوێژی عەسر ناکەن، کەسێك جورئەتی نییە غیرەتی نییە هەڵسێت بڵێت دەی ڕیش سپییەکان دەی پیاو ماقولان، نەك بەنیەتی ئاژاوە، بابچین بۆ ئیدارە بۆ تربیە بۆ ناحیە بۆ وڵات پرسیار بکەین ئایا ئەوە قانوونی وڵاتە ئەگەر وڵاتمان ڕێگری لەنوێژ بکات ئەوە وڵاتێکی کافرە بابیناسین، ئەگەر قانونیشی تێدا نییە، لەقانوونیشدا ڕێگری لێناکرێت، ئەی ئەو کەسە کەمە چییە کە لە قوتابخانەدا خۆی موسەیتر کردووەو نایەڵێ منداڵەکانمان نوێژ بکەن، جوڵان هیچتان ئینکاری ئەو خراپەیەتان کرد، کەسی نایکات، بابە چ ئیشمان پێیە، موشکیلە نییە ئەوە کەی موشکیلەیە، گرنگ منداڵەکەم دەرچێ لەخوێندن، دەرچێ لەخوێندن بەڵام دەدۆڕێ لەئاخیرەتدا، بەدەستی خۆت دەبیتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکەت ببێتە سوتەمەنی دۆزەخ خوا بمانپارێزێت، کامتان ڕیش سپیەکانتان باپێش گەنجەکان، کامتان زۆر

بەنەرمی وبەعاقڵانە هەستان بڕۆنە تەربیە بڵێن با کچ وکوڕ تێکەڵ نەبێ لەخوێندن، مەسەلەکە تیرۆرستی نییە، مەسەلەکە لە بەرژەوەندی خوێندن وڕەوشتی گەلەکەمانە، کێ هەستا؟ کوا ڕیش سپییەکان، کەس نایکات، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کەئیمان لەدڵەکاندا یان نەماوە یان لاوازە، سیفەتی ئیماندار پێش نوێژ کردن ڕێگرتن لەخراپەیە، ئەی بۆ نایکەیت، وامەزانە زۆر بەئاسانی ڕزگارت بێت خوا بمانپارێزێت، بەنو ئیسرائیل خوا لەعنەتی لێکردن چونکە ڕێگریان لەخراپە نەدەکرد، ئەی ناترسی بەر لەعنەتی خوای گەورە بکەوی لەڕەحمەتی خوا دەرچی، خوا بمانپارێزێت، کەس واتێنەگا ئێمە لەگەڵ ئاژاوەین، پەنا بەخوا نە ئاژاوە گێڕین نە لەگەڵ ئاژاوەگێڕانیشین، بەڵام دەمانەوێت ولاتەکەمان ولاتێکی بەختەوەر بێت، خەڵکەکەمان لە ئاسودەیی وڕەوشتی بەرزدا بژیەت، نەك وەکو کرمی ناوخۆ ئەو گەلە وردە وردە ئەخلاق وڕەوشتی نەمێنێ وبتەپێت و بدۆڕێت، هەر ئوممەتێك ئەخلاقی نەما ئیمانی نەما سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ براکانم، کەواتە خوای گەورە لەعنەتی لێکردن چونکە فەرمانیان بەچاکە نەدەکردو ڕێگریان لەخراپە نەدەکرد، لەعنەتی لێکردن وبۆ دۆزەخ ودەفەرمووێ بەسیانە، بەلام سیفەتی ئیماندار خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ) (التوبة: ٦٧) خوای گەورە بەڵێنی بەئیمانداران داوە بەژن وپیاویان ئەوانەی فەرمان بەچاکە دەکەن وڕێگری لەخراپە دەکەن، خوای گەورە بەڵێنی بەهەشتی پێداون، (تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا ) کەڕووبار بەژێریدا دەڕوات، (وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ)،/

خوا لێیان ڕازییە لەو ئیماندارانە، موسڵمان هەوڵ بدە خوا لێت ڕازی بێت، با ترسی هیچ کەسێك وشەرم کردن لە هیچ کەسێك وات لێنەکات کەبڵێی ئەوە ڕاستە ئەوە ڕاست نییە، لەکەس مەترسە برای من بەس لە خوای گەورە بترسە، ئەو کەسەی کە لە غەیری خوا دەترسێ، تووشی ئیمان لاوازی وبگرە تووشی هاوەڵ بڕیاردانیش دەبێت پەنا بەخوای پەروەردگار، ئەوجا لەبیرت نەچێت پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ: (أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر)[٢].

گەورەترین تێکۆشان قسەیەکی ڕاستە لەلای کاربەدەستێکی ستەمکار بیکەیت، ئەگەر زانیت کاربەدەستێك ستەمکارە بڕۆ قسەی ڕاست بکە، بڕۆ لای بڵێ کاکە گیان لەخوا بترسە برام، لەخوا بترسە ئەو ئیشەی تۆ دەیکەی زەرەر لەخۆتیش دەدەی وزەرەر لە قیامەتیشت دەدەی وزەرەر لەولات وگەلەکەیشت دەدەیت، ئەو کارە مەکە پەشیمان بەرەوە، بۆیە عطائى کوڕی أبي رباح چووە لای عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان کە خەلیفە بوو لەسەردەمی خۆیدا، نەك خەلیفەیەك تەنها شوێنێکی وەکو کوردستانی بچووکی ئێمەی بەدەست بێ، هەموو دەوڵەتی ئیسلامی بەدەست عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوانەوە بوو، عطائى کوڕی أبى رباح چووە ژوورەوە بۆ لای تەماشای کرد دانیشتووە لەسەر تەختی پاشایەتی ئەوهەموو ڕەئیس وعەشیرەت وئەو هەموو وەزیرو پیاو ماقوڵو مەزنانە لای دانیشتوون، کە عطائى کوڕی أبى رباح هات یەکسەر خەلیفە لەبەری هەڵساو هێنای لای خۆی دانیشاندو بۆ خۆی چوو لەسەر چۆك

(٢) (رواه أبو داود والترمذي وابن ماجة، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١١٠٠) .

بەرامبەری دانیشت فەرمووی ئەی إمام بفەرموو چ دەڵێی چ پێویستیەکت هەیە تابۆت لەسەر چاو دانێین، ووتی: یەك شتت پێ دەڵێم ئەو کورسیەی کەتۆ لەسەری دانیشتووی بەخوێنی موهاجرو أنصارەکان تۆ گەیشتوویتە ئێرە، وامەزانە بەشان وبازوی خۆت ئێستا ئەو شوێنەت هەیە وئیسلام ئەو هەموو فەتح وفتوحاتەی هەیە یەکسەر ئاوا بەئاسانی تۆ گەیشتۆتە دەستت، ئەو تەختەی تۆی لەسەر دانیشتووی ئەوە خوێنی موهاجرو ئەنصارەکانە کە ڕشتیان ئیسلام بەرزبۆوەو ئێستا گەیشتۆتە دەستی تۆ (فاتق الله في أبناء المهاجرين والأنصار) دەی تەقوای خوا بکەو لەخوا بترسە، ئاگات لەمندالی مهاجرو ئەنصارەکانیش بێت، ئێمەش ئاوا بەکاربەدەستەکان دەڵێین ئەو تەختەو تاراجەی کە لەسەری دانیشتوون ئەوە خوێنی ئەو کەسانەیە کە خوێنیان ڕژا بۆ ئەوەی ئێمە بگەینە ئەم ڕۆژە دوای فەزڵ وکەرەم وڕەحمەتی خوا، کەواتە ئەوەتان لەبیر نەچێت ئەو خوێنە بۆ ئەوە نەڕژاوە بۆ ئەوەی بەدڕەوشتی بلاوبێتەوە، خوێن بۆ ئەوە نەڕژاوە مەشروب وخواردنەوە بەئاشکراو بەبێ شەرم وحەیا لەناو شارەکانماندا هەبێت، خوێن بۆ ئەوە نەڕژاوە کچ وکوڕمان تێکەڵ بێت مستەوای خوێندن نەمێنێت وبەدڕەوشتی بلاوبێتەوە، خوێن بۆ ئەوە نەڕژاوە ڕیبا بلاوبێتەوە لەناو خەڵك، باناگامان لەوە بێت، ئاگامان لە گەلەکەی خۆمان بێت، وەخەڵکیش ئاگایان لەخوای گەورە بێت، چاکەکاربن نەك تێکدەرو وێرانکاربن، کەواتە براکانم تەنها ئامۆژگاری نەك وێرانکاری وتێکدەر ئەوە نا، کەلیمەی ڕاستی بڵێ برۆ ئامۆژگاری خێری بکە، چونکە ئەو کاربەدەستەش کەتۆ بچیت ئامۆژگاری خێری بکەیت تۆ ڕاستی لەگەڵی، ئەو کەسەی کەماستاوی بۆ بکات ودەستی بۆ لەمل بدات، ئەوە خیانەتی لێ دەکات ئەوانە ماستاوچین ودەست لەمل دەدەن، والله چاکەی کاربەدەستەکەیان ناوێت، وچاکەی گیرفانی خۆیان دەوێت، دەیەوێ بۆ خۆی شتێکی دەست کەوێ کە مەدحی کرد، جا بۆیە عطائی کوڕی أبی رباح ئەو قسانەی تەواو کردو، عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان فەرمووی ئەوەی بۆ خەڵکت داوا کرد لەسەر سەرو چاوم جێ بەجێی دەکەم، ئەی جەنابت چی داواکاریەکت هەیە فەرمووی، من داواکاریم لەلای دروستکراو نییە، من داواکاریم لای خوای گەورەیە، ئیشم بەتۆ نییە، بۆ ئەوە نەهاتووم داوای پارەت لێبکەم، ئێمەش بافێر بین، باکەسێکمان نەچێتە لای کاربەدەستێك ونەڵێت والله ئەگەر پارچە زەویەکم بدەیتێ، بەرمیلە نەوتێك ئەگەر بۆمان بدەیت نەوتمان نییە، ئەگەر بکرێ فلانە ئیشەم بۆ بکەیت، سووك دەبیت، هەوڵدە ئیشی خۆت تەنها لەخوا داوا بکە، بەلام هەوڵ بۆ ئیشی تێکڕای خەڵکی وموسڵمانان بدە، فەرمان بەچاکە بکەو ڕێگری لەخراپە بکە، بۆیە وای لێهاتووە ئەمڕۆ ئەو کەسانەی کەفەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپەش بکەن، ڕێزیشیان کەم بۆتەوەو قسەیان قبوڵ ناکرێت، چونکە داواکارییەکانیان بۆ خۆیانە نەك بۆخەڵك وگەل ونیشتمانەکەیان وبۆ دینەکەیان بێت، براکانم خوای پەروەردگار باسی ئەو ئوممەتە دەکات دەفەرمووێ:

(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ) (آل عمران: ١١٠).

ئێمە خێرترین ئوممەت بوون بۆچی خێرتریت ئوممەت بووین؟ دەفەرمووێ چونکە ئێوە فەرمانتان بەچاکە کردو ڕێگریتان لەخراپە کرد (وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ) ئیمانەکەی خستە دوای فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگەگرتن لەخراپە، کەواتە چاکەی ئەو ئوممەتە لەوەدایە کەفەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپە بکا، بەلاَم بەنەرم ونیانی نەك بەتێکدەری نەك بەئاژاوە گێڕی نەك بەفیتنەیی نا، فەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپە بەریفق و بەئەدەبەوە بەزانینەوە، کەبزانیت ئەوە سەردەکێشێت بۆ چاکتر، نەك سەربکێشێ بۆ وێرانکاری وخراپتر، ئەوجا فەرمان بەچاکە وڕێگری لەخراپە ئەوە نییە کە ئێمە بچین دامو دەزگاکان بسوتێنین وتێکی بدەین، ئەوە وێرانکارییە، ئەوە خۆی لەخۆیدا مونکەرەو خراپەیە، فەرمان بەچاکە ئەوەیە قسەی ڕاست بکەی هەوڵی ڕاست بدەی، تەعاون وهاوکاری لەسەر خێر بکەین، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

(من رأى منكم منكرا فليغيره بيده)[٣] .

هەرکەسێك لەئێوە خراپەیەکی بینی با بەدەست بیگۆڕێت، ئەگەر لەتواناتدا هەبوو، لەماڵی خۆتدا بەدەست دەیگۆڕی، ڕەئیس عەشیرەت لەعەشیرەتەکەی خۆی، مودیر لەدائیرەکەی خۆی، ڕەئیسی حکومەت لە وڵاتەکەی خۆی، بەلاَم جگە لەوە تۆ بۆت نییە بچی بەدەست لەگەڵ خەڵك بیکەیتە فیتنەو شەڕ، **فإن لم يستطع فبلسانه** نەتتوانی بەزمان، **فإن لم يستطع فبقلبه** / بابەدڵ پێت ناخۆش بێت، **وذلك أضعف الإيمان** / ئەوە نیشانەی لاوازی ئیمانە، وەلە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمێت:

(ليس وراء ذلك من الإيمان حبة خردل)[٤].

ئەوەی کە لەدڵیشدا خراپە بەخراپە دانانێ، ئەوە حەبە خەردەلێکیش ئیمانی لەدڵدا نەماوە، زۆرکەس دەبینی نەك بەخراپە ناڵێ خراپە، نەك لەدڵیش پێی ناخۆشە، بەڵکو پێشی خۆشە دڵەکەی خراپەی دەوێت، فەرمانیش بەخەراپە دەکات، زانیمان ئەوە سیفەتی ئینسانی دووڕووە خوا بمانپارێزێ لە دووڕووەکان، جا موسڵمانان با موڕاجەعەی خۆمان بکەینەوە، باپێی هەڵسین لەپێناوی خوادا بەدڵسۆزی، ئەگەر بەو ئەرکە هەڵسین والله وڵات وگەلەکەشمان بەختەوەرو بەرز دەبێ إن شاء الله تعالى، چونکە ئەگەر نەخۆشیەك بڵاو بوەوە لەلاشەدا زوو چارەسەری نەکەیت هەموو لاشەت دەگرێتەوە، سەرەنجامی خراپ دەبێت، خوا بمانپارێزێت، وەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

**(مثل القائم على حدود الله والمدهن فيها كمثل قوم استهموا على سفينة في البحر فأصاب بعضهم أعلاها وأصاب بعضهم أسفلها فكان الذين في أسفلها إذا استقوا من الماء مروا على من فوقهم فقال الذين في أعلاها لا ندعكم تصعدون فتؤذونا**

---

(٣) (رواه النسائي والترمذي وابن ماجة، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٦٢٥٠) .

(٤) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥٧٩٠).

فقالوا لو أنا خرقنا في نصيبنا خرقا ولم نؤذ من فوقنا فإن يتركوهم وما أرادوا هلكوا جميعا وإن أخذوا على أيـــديهم نجـــوا ونجوا جميعا)(٥).

واتە: وێنەی ئەو کەسانەی فەرمان بەچاکە دەکەن وەکو ئەو کەسانە وان کە لەناو کەشتییەکدان دوو تـاقمن، کۆمـەڵێك لەژێرەوە، کۆمەڵێکیش لەسەرەوە، ئەوانەی ژێرەوە هەموو جار دەبێ بێنە سـەرەوە ئـەوجا ئـاو بخۆنـەوە، دەڵـێن جا ئەو هەموو ماندووبوونە بەئێمە ناکرێت با لەژێرەوە بۆ خۆمان کونێکی تێبکەین بۆ ئەوەی یەکسەر ئاوەکە لێمـان نزیك بێت وئەو نارەحەتیە نەبینین، پێغەمبەر خوا ﷺ دەفەرمووێ: ئەگەر ئەوانەی سەرەوە لەخوارەوە بگـەڕێنو وازیـان لێ بێننو بڵێن خۆ جا کونەکە لەخوارەوەیە ئیشی بەسەروە نییە، ئەوە هەموویان نوقم دەبن، ئەگـەر دەستیـشیان بگـرن ئەوە هەموویان ڕزگاریان دەبێ، جا وامەزانە کە ئەو کەسەی خەراپە دەکات بـەس بـۆ خـۆی زەرەر دەکات، کۆمـەڵگا هەمووی خراپ دەبێت، کۆمەڵگا هەمووی تێك دەچێت تۆش بەهۆی ئـەوەوە زەرەر دەکـەیت کەواتـە کـە خراپـەت دی دەستی خراپەکار بگرەو ئامۆژگاری بکە، ئەوجا هەموومان قازانج دەکەین ولای خوای گەورەش سـەرفرازو سـەرکەوتوو دەبین خوا ڕەحمان پێدەکات، دەنا خوای گەورە غەزەبمان لێدەگرێت، بەر لەعنەتی خـوا دەکـەوین خـوا بمانپارێزێت، خوای گەورە وامان لێبکـەی کەبـەو ئەرکـە پـیرۆزە هەڵسین فـەرمان بەچـاکە بکـەین ورێگـری لەخراپـە بکـەین، خـوای گەورە وڵاتمـان بەختـەوەر کـەیت، خـوای گـەورە ئاسـودەیی وئـارامی وخـوای گـەورە ئـەمن وئاسـایش وئـەمن وئیمـان بخەیتە ناو وڵاتەکەمانەوە، آمین آمین

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

**لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن**

---

(٥) (رواه البخاري والترمذي، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥٨٣٢)